# مەتەڵۆك

## پەیڤێك بۆنامەی پێشكەوتنخوازە ئێكسپایەرەكان

***********

كامیل ژیر

*****

دنیایەكی زۆر سەیرە
هەرچی باڵیبیٚ تەیرە !
گورگەو لە پێستی مەڕە
مەڕ ئارەزووی لەشەڕە !
زین لە پشتی سەگا یە
پاشای بێشەلاٚن : گایە !
شێر بە فێڵی پشیلە
ئاژەڵێكی زەلیلە
خەڵكانیٚ گوایە نووسەر
رەحمەت لەبا پیری كەر!
بەناو جۆگەدا ئەڕۆن
لەهەردولاوە ئەخۆن
ئەسكوێی قازان و دیزەن
چە نجەمسەرو چەنچیزەن
قەڵەموەشێن خۆیانن
دۆنكیشۆتی مەیدانن
وائەزانن خامەیان
شمشێرەو تیروكەوان !

*

گەرچی ئێكسپایەرن
زرەداری بێبەرن
ئەزانن گۆشتی سەرشان
لەكوێوە دێتە ژێردان
دووگی چەوری كەمینە
بۆ پیٚخۆری زۆرینە
لایان راست و رەوانە
ماف بۆ بێماف تاوانە !
لێدەن هەلەو لەبارە
كێشكردنی دۆلارە !
پرۆلیتێری هەژا ر
بوو بەخاوەنی تەلار

*

هاوڕێیانی چەوساوە!
سەرم لێیان سوڕماوە
جووتیان بەوەرزی باران
ئاشیان لە مەرزی شاران
باش هەڵكا، كۆستەكۆستە
هەرچی خاوەنی پۆستە
بۆیهەڵدیٚ تا گوندەڕەش
ئەو خەڵكەش بە سەری هەش

*

سەیرەو سەیرو سەمەرە
چ رۆژێكەو چ دەورە !
نووسەرانی دوامۆدێل
لایانوایە خەڵكی گێل
ئێستەش هەروائەزانن
گوڕنەتەڵەی جارانن
ئەلێن مرۆڤپەروەرین
نوێبیرو تێكۆشەرین!
وەكو خەڵكی : نەزانن
روەكی كام بێستانن
بێستانێكی بێبەرهەم
لەهیچ پڕو لەبەر كەم

*

وەك ئەوەی كونەماسی
لەجرتاوایە پاسی !
لێرە پڕو وڕو كاس
لەڕێی خوادا لەویٚ پاس!
ئاوا ئەو پیاوچاكانە!
پەرۆشن بۆ بێگانە
بۆ داهات و بەراتیان
بۆ یەكێتیی ولاٚتیان
نەبا درزیٚ بهێنیٚ
بێماف مافی بسێنیٚ
وەكو نۆكەر ئاغابیٚ
ئاغاش كۆیلەو گەدابیٚ!
بەلیٚ هەروەكو شاخیٚ
ژانگرتنی لەداخیٚ
بەهەزار هەیتوهاوار
مشكێكیان لێكەوتە خوار!
دەك داڕزیٚ خامەتان
بۆخۆتان و نامەتان
مەتەڵ مەتەڵ مەتیزە
كەرو بارو نەقیزە
مەتەڵ خەوش و دژوارە
ناوێكە جێی جلخوارە
مەتەڵ سووكە بۆ وردبین
یەك زاراوەی ناشیرین ؟

1- فەرهەنگۆك :
ئەسكویٚ:كەوچك
قازان :مەنجەڵ
گوڕنەتەڵە :لەسەرگورشتەدا ئەو منداڵەی دێویش ئەخەڵەتێنیٚ
كۆستەكۆستە :تێكدانەوەی یاری.

كونەماسی وجرتاوا :دوو گوندبوون لە پاریزگای سلیمانی.
نەقیزە :ئەو دارەی بزمارێكی بەسەرەوەیەو ئەیكەن بەكەردا.
جلخوار:كوردە توركخوازەكان.

2- بۆ وەرگرتنی خەلاٚت تكایە سەرنج و وەلاٚمەكانتان بنێرن بۆ رۆژنامەی میدیاو بۆ :
jeerkamil@yahoo.com